بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَى بِعَبْدِهِ لَيْلًا مِّنَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الأَقْصَى الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آيَاتِنَا إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ البَصِيرُ (1)

پاکیی و بێگەردیی و ستایش بۆ ئەو زاتەی کە شەوڕەویی کرد بە بەندەی خۆی (محمد صلى الله عليه وسلم) لە مزگەوتی (حرام) (کەعبەی پیرۆزەوە) بۆ مزگەوتی (اقصى) لە (بيت المقدس) کە دەوروبەریمان پیرۆزو پڕ بەرەکەت کردووە، تا هەندێ نیشانەو بەڵگەی (دەسەڵاتداریی و توانایی) خۆمانی نیشان بدەین، بەڕاستی ئەو زاتە زۆر بیسەرو بینایە.

وَآتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ وَجَعَلْنَاهُ هُدًى لِّبَنِي إِسْرَائِيلَ أَلاَّ تَتَّخِذُواْ مِن دُونِي وَكِيلًا (2)

ئێمە کتێبی (تەوراتمان) بەخشی بە موساو کردمانە هۆی هیدایەت و ڕێنموویی بۆ نەوەی ئیسرائیل، بۆ ئەوەی کەسی تر جگە لە من نەکەنە پشتیوان و یاریدەدەر بۆ خۆیان.

ذُرِّيَّةَ مَنْ حَمَلْنَا مَعَ نُوحٍ إِنَّهُ كَانَ عَبْدًا شَكُورًا (3)

(ئەمانەو خەڵکی تریش) نەوەی ئەو کەسانەن کە (لە کەشتیەکەدا) لەگەڵ نوح دا هەڵمان گرتن (تا سوپاسگوزار بن و قەدری نازونیعمەت و بەخششەکان بزانن)، چونکە بەڕاستی (نوح) بەندەیەکی زۆر سوپاسگوزار بوو.

وَقَضَيْنَا إِلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ فِي الْكِتَابِ لَتُفْسِدُنَّ فِي الأَرْضِ مَرَّتَيْنِ وَلَتَعْلُنَّ عُلُوًّا كَبِيرًا (4)

(لە کتێبی تەوراتدا یا لە لوح المحفوظ دا) بڕیارمان داوە کە نەوەی ئیسرائیل (لە بەرنامەی ئێمە لادەدەن و یاخی دەبن) وە فەسادو خراپە لەسەر زەویدا ئەنجام دەدەن، (وە لە غەفڵەتی خەڵکیدا) زۆر گەشە دەکەن و دەسەڵاتێکی زۆر بەدەست دێنن.

فَإِذَا جَاء وَعْدُ أُولاهُمَا بَعَثْنَا عَلَيْكُمْ عِبَادًا لَّنَا أُوْلِي بَأْسٍ شَدِيدٍ فَجَاسُواْ خِلاَلَ الدِّيَارِ وَكَانَ وَعْدًا مَّفْعُولًا (5)

جا كه كاتی ئەوەهات ئەی (جووەكان) بۆ یەكەمجار (تۆڵەتان لێ بكەینەوە) بەندە تایبەتیەكانی خۆمانمان نارده سەرتان كه خاوەنی هێزو توانایی زۆرن (زانایانی سەردەم دەڵێن، "عبادا لنا" مەبەست هاوەڵانی پێغەمبەره كه قورئان وەسفی كردوون به توندوتیژی بەرانبەر خوانەناسان لەكاتی جەنگدا)، ئیتر ئەوان بەهەموو كون و كەلێنێكی قەڵاو شارۆچكەكاندا دەسوڕانەوەو دەگەڕان بەشوێن (ئەو ناپوختانەدا)، وه ئەم بەڵێن و بەسەرهاته پێش هاتووەو بڕاوەتەوە.

ثُمَّ رَدَدْنَا لَكُمُ الْكَرَّةَ عَلَيْهِمْ وَأَمْدَدْنَاكُم بِأَمْوَالٍ وَبَنِينَ وَجَعَلْنَاكُمْ أَكْثَرَ نَفِيرًا (6)

لەوەودوا (ئەی جووەكان) له غەفڵەت و دواكەوتنی جیهانی ئیسلامیدا نۆرەتان هاتەوەو دەسەڵاتتان پەیدا كرد بەسەر ئیمانداراندا، وه ماڵ و سامان و كوڕانمان پێبەخشین و وامان لێكردن كه زۆر ئامادە بن بۆ هێرش بردن و پەلامار دان.

إِنْ أَحْسَنتُمْ أَحْسَنتُمْ لِأَنفُسِكُمْ وَإِنْ أَسَأْتُمْ فَلَهَا فَإِذَا جَاء وَعْدُ الآخِرَةِ لِيَسُوؤُواْ وُجُوهَكُمْ وَلِيَدْخُلُواْ الْمَسْجِدَ كَمَا دَخَلُوهُ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَلِيُتَبِّرُواْ مَا عَلَوْاْ تَتْبِيرًا (7)

جا ئەگەر (لەكاتی دەسەڵاتدا) چاكه بكەن، ئەوه هەر بۆخۆتان چاك و بەسوودە، ئەگەر خراپەو تاوانیش بكەن ئەوه هەر یەخەی خۆتان دەگرێتەوە، كاتێك كه نۆرەی ئەنجامدانی بەڵێنی دوایی هات (ئیمانداران، كارێكتان پێ دەكەن) كه له ڕووخسارتاندا ڕەنگ بداتەوە (چونكه ئەوان دڵنیان كه هەموو ئەو بەڵاو ناخۆشیانەی بەسەر گەلانی موسوڵماندا بەگشتی، وه بەسەر گەلی كوردا بەتایبەتی هاتووە بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ دەستی ئەوانی تیا بووە)، ئەوسا دەبا بچنه مزگەوتەوە وەكو یەكەمجار (لەسەردەمی حومەری كوڕی خەتابدا خوای لێ ڕازی بێت) چوونه ناوی، دەبا ئیتر ئیمانداران تۆڵەی خۆیان بكەنەوەو دەستیان بەسەر هەرچیەكدا دەڕوات درێغی نەكەن (چونكه ەوان له ستەم درێغییان نەكرد).

عَسَى رَبُّكُمْ أَن يَرْحَمَكُمْ وَإِنْ عُدتُّمْ عُدْنَا وَجَعَلْنَا جَهَنَّمَ لِلْكَافِرِينَ حَصِيرًا (8)

ئینجا دوورنیه، پەروەردگارتان بەزەیی پیاتاندا بێتەوەو ڕەحمتان پێبكات (ئەگەر بەخۆتاندا بێنەوەو تەوبە بكەن)، ئەگەر بگەڕێنەوە (بۆ پیلانگێڕان و خوێنڕێژی) ئێمەش دەست دەكەینەوە به (تۆڵەسەندن و تەمێكردنتان)، ئێمە دۆزەخیشمان ئامادەكردووە بۆ كافران كەتیایدا گیردەخۆن.

إِنَّ هَذَا الْقُرْآنَ يِهْدِي لِلَّتِي هِيَ أَقْوَمُ وَيُبَشِّرُ الْمُؤْمِنِينَ الَّذِينَ يَعْمَلُونَ الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ أَجْرًا كَبِيرًا (9)

بەڕاستی ئەم قورئانە هیدایەتبەخشە بۆ چاکترین ڕێگەو ڕێبازو بەرنامە، مژدەش دەدات بە ئیماندارانەی کە کارو کردەوەی چاکە دەکەن کە پاداشتی زۆرو بێ سنوور چاوەڕێیانە.

وأَنَّ الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِالآخِرَةِ أَعْتَدْنَا لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا (10)

ئەوانەش کە باوەڕیان بە ڕۆژی قیامەت نیە، ئێمە سزایەکی بەئێش و ئازارمان بۆ ئامادەکردوون.

وَيَدْعُ الإِنسَانُ بِالشَّرِّ دُعَاءهُ بِالْخَيْرِ وَكَانَ الإِنسَانُ عَجُولاً (11)

ئینسان (کاتێ کە تەنگەتاو دەبێ) دۆعاو نزای شەڕ دەکات، هەروەک چۆن لەکاتی ئاساییدا دۆعای خێر دەکات، ئینسان هەمیشەو بەردەوام بە پەلەو هەڵەشەیە.

وَجَعَلْنَا اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ آيَتَيْنِ فَمَحَوْنَا آيَةَ اللَّيْلِ وَجَعَلْنَا آيَةَ النَّهَارِ مُبْصِرَةً لِتَبْتَغُواْ فَضْلاً مِّن رَّبِّكُمْ وَلِتَعْلَمُواْ عَدَدَ السِّنِينَ وَالْحِسَابَ وَكُلَّ شَيْءٍ فَصَّلْنَاهُ تَفْصِيلاً (12)

ئێمە دیاردەی شەوو ڕۆژمان کردووە بە دوو بەڵگەو نیشانە لەسەر دەسەڵاتی خۆمان، وە بۆ حەسانەوەو ئەنجامدانی کاروبارتان، وە ڕاگرتنی پلەیەکی بەسەر دیاردەی شەودا هێناوە، وە دیاردەی ڕۆژیشمان بە ئاشکراو دیارو بینراو سازاندووە، تا لە نازو نیعمەتی پەروەردگارتان بەهرەوەر ببن، تا ژمارەی ساڵەکان بزانن و حساب ڕاگرن (کە زۆر پێویستە بۆ ڕێکخستنی کاروباری ژیان)، بەڕاستی ئێمە هەموو شتێکمان بەفراوانی و بەربڵاوی ڕوونکردۆتەوە.

وَكُلَّ إِنسَانٍ أَلْزَمْنَاهُ طَآئِرَهُ فِي عُنُقِهِ وَنُخْرِجُ لَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ كِتَابًا يَلْقَاهُ مَنشُورًا (13)

(سەرئەنجام) نامەی کردەوەی هەرکەس هەڵدەواسین بە گەردنیدا، وە لە ڕۆژی ڕەستاخێزیشدا کارنامەی کردەوەکانی بەکراوەیی دەخەینە بەر دەستی (ئاشکرایە کە ئەو دەسگایانەی کارو کردەوەی ئێمەی لەسەر تۆمار کراوە زۆر پێشکەوتووە لەوەی کە ئادەمیزاد تا ئێستا پەی پێ بردووە).

اقْرَأْ كَتَابَكَ كَفَى بِنَفْسِكَ الْيَوْمَ عَلَيْكَ حَسِيبًا (14)

(ئەوسا پێی دەوترێت) دەنامەی کردەوەکانت بخوێنەرەوەو تەماشای بکە، ئەمڕۆ هەر خۆت بڕیار بدەو حساب بۆ خۆت بکە (شایستەی چ جۆرە پاداشتێکیت؟!)

مَّنِ اهْتَدَى فَإِنَّمَا يَهْتَدي لِنَفْسِهِ وَمَن ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا وَلاَ تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّى نَبْعَثَ رَسُولًا (15)

ئەوەی هەوڵ دەدات ڕێبازی ڕاست و دروست بگرێت، ئەوە بەقازانجی خۆی تەواو دەبێ و هەر خۆی بەهرە لە هیدایەتەکەی وەردەگرێت، ئەوەش گومڕا دەبێت و ڕێبازی سەرلێشێواوی دەگرێتە بەر، ئەوە هەر زۆی زەرەر دەکات و گومڕاییەکەی لەسەری دەکەوێت، کەس گوناهی کەس هەڵناگرێت، کەس بەرپرسیار نیە لەهەڵەی کەسانی تر، ئێمەش سزاو تۆڵە لە کەس ناسێنین تا پێغەمبەرێکمان نەناردبێت.

وَإِذَا أَرَدْنَا أَن نُّهْلِكَ قَرْيَةً أَمَرْنَا مُتْرَفِيهَا فَفَسَقُواْ فِيهَا فَحَقَّ عَلَيْهَا الْقَوْلُ فَدَمَّرْنَاهَا تَدْمِيرًا (16)

کاتێ کە ویستبێتمان شارو شارۆچکەیەك کاول بکەین، سەرەتا فەرمانمان پێداون (کە چاکەو چاکەکاری بکەن) کەچی ئەوان گوناهو تاوان و خراپەیان ئەنجام داوە، ئەوسا ئیتر شایستەی ئەوە بوون کە بڕیاری ئێمە بەسەریاندا بسەپێنرێت، ئێمەش کاولمان کردووە بەسەریەکداو داروبەردمان بەسەریەکەوە نەهێشتووە.

وَكَمْ أَهْلَكْنَا مِنَ الْقُرُونِ مِن بَعْدِ نُوحٍ وَكَفَى بِرَبِّكَ بِذُنُوبِ عِبَادِهِ خَبِيرًا بَصِيرًا (17)

چەندەها نەوەمان لەدوای نوح لەناوبردووە، ئەوەندەش بەسە بۆ پەروەردگاری تۆ کە ئاگادارو بینایە بە گوناهو تاوانی بەندەکانی.

مَّن كَانَ يُرِيدُ الْعَاجِلَةَ عَجَّلْنَا لَهُ فِيهَا مَا نَشَاء لِمَن نُّرِيدُ ثُمَّ جَعَلْنَا لَهُ جَهَنَّمَ يَصْلاهَا مَذْمُومًا مَّدْحُورًا (18)

ئەوەی مەبەستی (تەنها دنیابێ) کەبە پەلەو بەخێرایی تێدەپەڕێ، ئێمە (بە ئارەزووی کەس ناکەین بەڵکو) هەرچیمان بوێ بەزوویی، بەویستی خۆمان، وە بە هەرکەس کە بمانەوێ دەیبەخشین، پاشان (لەو جیهان) ئەو جۆرە کەسانە (واتە دنیاپەرستان) دەخەینە ناو دۆزەخەوە، بە سەرزەنشت کراوی و ڕاونراویەوە (کە بەردەوام فریشتەکان ئێش دەکەن بە دڵیانداو نایەڵن پشوو بدەن و هەر ڕاویان دەنێن بەناو تونێل و شوێنە سامناکەکاندا).

وَمَنْ أَرَادَ الآخِرَةَ وَسَعَى لَهَا سَعْيَهَا وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُولَئِكَ كَانَ سَعْيُهُم مَّشْكُورًا (19)

بەڵام ئەوەی مەبەستی بەشی ئەو جیهان بێ و هەوڵ و کۆششی چاکی بۆ بدات، لە هەمان کاتیشدا ئیماندار بێت، هەوڵ و کۆششی ئەم جۆرە کەسانە جێگەی ڕێزو سوپاسەو سوپاسکراون.

كُلاًّ نُّمِدُّ هَؤُلاء وَهَؤُلاء مِنْ عَطَاء رَبِّكَ وَمَا كَانَ عَطَاء رَبِّكَ مَحْظُورًا (20)

ئێمە هەردوولا (دنیاپەرستان و خواپەرستان) لە بەخششی پەروەردگارت بەهرەوەر دەکەین، بێگومان بەخششی پەروەردگارت سنووردارو قەدەغەکراو نیە (لە دنیادا).

انظُرْ كَيْفَ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَلَلآخِرَةُ أَكْبَرُ دَرَجَاتٍ وَأَكْبَرُ تَفْضِيلًا (21)

تەماشاکەو سەرنج بدە چۆن هەندێکیانمان بەسەر هەندێکی تریاندا ڕێزدارکردووە، بێگومان پلەو جیاوازیەکانی ئەو جیهان زۆر گەورەترو زۆر زیاترن.

لاَّ تَجْعَل مَعَ اللّهِ إِلَهًا آخَرَ فَتَقْعُدَ مَذْمُومًا مَّخْذُولًا (22)

هەرگیز نەکەیت (ئەی ئینسان) خوایەکی تر بکەیتە هاوتای خواو هاوەڵی بۆ بڕیار بدەیت چونکە بەو کارەت زەبوون و خەجاڵەت و ڕیسوا دەبیت.

وَقَضَى رَبُّكَ أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ الْكِبَرَ أَحَدُهُمَا أَوْ كِلاَهُمَا فَلاَ تَقُل لَّهُمَآ أُفٍّ وَلاَ تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا (23)

پەروەردگاری تۆ بڕیاری داوە کە جگە لەو کەسی تر نەپەرستن، هەروەها چاکەکاریش بن لەگەڵ دایك و باوکتاندا، هەرکاتێ یەکێکیان یان هەردووکیان بەپیری کەوتنە لای تۆ (تەنانەت) ئۆفیان لەدەست مەکەو (هەرگیز) پیایاندا هەڵمەشاخێ، بەردەوامیش قسەو گفتوگۆت لەگەڵیاندا با چاك و جوان و بەجێ بێت.

وَاخْفِضْ لَهُمَا جَنَاحَ الذُّلِّ مِنَ الرَّحْمَةِ وَقُل رَّبِّ ارْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيرًا (24)

باڵی میهرەبانی خۆتیان بەسەردا بکێشەو ملکەچ بە بۆیان، (نزا بکەو) بڵێ: پەروەردگارا ڕەحمیان پێ بکەو میهرەبان بە بۆیان، هەروەکو چۆن ئەوان منیان پەروەردەکردووە بە بەچوکیی و منداڵیی.

رَّبُّكُمْ أَعْلَمُ بِمَا فِي نُفُوسِكُمْ إِن تَكُونُواْ صَالِحِينَ فَإِنَّهُ كَانَ لِلأَوَّابِينَ غَفُورًا (25)

پەروەردگارتان زۆر زاناترە لەخۆتان بەوەی کە دڵ و دەروونتاندا هەیە، خۆ ئەگەر چاك و پاك و ڕێك و پێك بن، ئەوە ئیتر ئەو زاتە بۆ تەوبەکاران و پەشیمانان زۆر لێخۆشبوو و بەخشندەیە.

وَآتِ ذَا الْقُرْبَى حَقَّهُ وَالْمِسْكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَلاَ تُبَذِّرْ تَبْذِيرًا (26)

مافی خزم و خوێشان بەجێ بێنەو پەیوەندیەکان (لە چوارچێوەی شەرعدا چاودێری بکە) هەروەها مافی هەژارانیش (بە یارمەتیدانیان بە گوێرەی توانا) ئەنجام بدە هەروەها مافی ڕێبوارانیش (بە دەسگرۆیی و ڕێنیشاندان) جێبەجێ بکە، دەست بڵاویش مەبەو ماڵ و سامانت بەراب مەدە.

إِنَّ الْمُبَذِّرِينَ كَانُواْ إِخْوَانَ الشَّيَاطِينِ وَكَانَ الشَّيْطَانُ لِرَبِّهِ كَفُورًا (27)

چونکە ئەوانەی بەڕاستی ماڵ و سامانیان بەفیڕۆ دەدەن، ئەوانە هەمیشە (وەك) برای شەیتانەکان وان، شەیتانیش لەبەرانبەر (نازو نیعمەتەکانی) پەروەردگاریەوە زۆر ناشکورو بەدنمەکە.

وَإِمَّا تُعْرِضَنَّ عَنْهُمُ ابْتِغَاء رَحْمَةٍ مِّن رَّبِّكَ تَرْجُوهَا فَقُل لَّهُمْ قَوْلاً مَّيْسُورًا (28)

خۆ ئەگەر نەتوانی یارمەتی (ناوبراوان) بدەی، وە بە ئومێدی ڕەحمەتی پەروەردگارو بەخششی ئەو بویت لە ئایندەدا، (ئەوە دەکرێ) بە گوفتاری جوان و قسەی خۆش ڕازییان بکەیت.

وَلاَ تَجْعَلْ يَدَكَ مَغْلُولَةً إِلَى عُنُقِكَ وَلاَ تَبْسُطْهَا كُلَّ الْبَسْطِ فَتَقْعُدَ مَلُومًا مَّحْسُورًا (29)

(نەکەی ئەوەندە دەست نوقاو بیت وەک ئەوەی کە) دەستی بە کۆت و زنجیر بەگەردنیدا هەڵواسرابێت، هەروەها ئەوەندەش دەستت پان مەکەرەوەو دەستبڵاو مەبە (کە هیچت بەدەستەوە نەمێنێت) لەوەودوا بکەویتە بەردەم لۆمەو سەرزەنشتی (ئەم و ئەو) وە هیچت بەدەستەوە نەمێنێ و بەهەناسە ساردیی و نائومێدی بۆی دانیشی.

إِنَّ رَبَّكَ يَبْسُطُ الرِّزْقَ لِمَن يَشَاءُ وَيَقْدِرُ إِنَّهُ كَانَ بِعِبَادِهِ خَبِيرًا بَصِيرًا (30)

بەڕاستی پەروەردگارت بەهەرکەس کە بیەوێت ڕزق و ڕۆزیی فراوان دەبەخشێت، یاخود کەم و سنووورداری دەکات، بەڕاستی ئەو زاتە ئاگادارو بینایە بە بەندەکانی، (وە بەخشین و نەبەخشینی هەڕەمەکی نیە).

وَلاَ تَقْتُلُواْ أَوْلادَكُمْ خَشْيَةَ إِمْلاقٍ نَّحْنُ نَرْزُقُهُمْ وَإِيَّاكُم إنَّ قَتْلَهُمْ كَانَ خِطْءًا كَبِيرًا (31)

نەکەن منداڵەکانتان لەترسی گرانی و برسێتی بکوژن (چونکە پەروەردگارتان ڕۆزی بەخش و میهرەبانە)، ئێمە ڕزق و ڕۆزی دەبەخشین بەوانیش و بە ئێوەش، چونکە بەڕاستی کوشتنی ئەوان گوناهو تاوانێکی زۆر گەورەیە.

وَلاَ تَقْرَبُواْ الزِّنَى إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاء سَبِيلًا (32)

هەرگیز نەکەن توخنی زینا بکەون و لێی نزیك ببنەوە، چونکە ئەوە گوناهو تاوان و هەڵەو ڕێچکەیەکی زۆر ناقۆڵایە.

وَلاَ تَقْتُلُواْ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللّهُ إِلاَّ بِالحَقِّ وَمَن قُتِلَ مَظْلُومًا فَقَدْ جَعَلْنَا لِوَلِيِّهِ سُلْطَانًا فَلاَ يُسْرِف فِّي الْقَتْلِ إِنَّهُ كَانَ مَنْصُورًا (33)

کەسێ نەکوژن کە خوا کوشتنی حەرام کردبێت مەگەر بە (بەهۆی تاوانێکەوە شایستە بێت) و کوشتنی ڕەوابێت، ئەوەش کە مەزڵومانە دەکوژرێت، ئێمە ماف و دەسەڵاتمان داوە بە نزیکترین کەسی کە تۆڵەی بۆ بسێنێت، ئەویش نابێت زیادەڕەویی بکا لە کوشتن و تۆڵەسەندنەوەدا، (خۆ ئەگەر لە خوا ترس و فەرمانبەردار بوو لە کارەکەیدا) ئەوە سەرکەوتووەو (مافی ڕەوای خۆی بەجێهێناوەو خوای گەورەش مۆڵەتی داوە).

وَلاَ تَقْرَبُواْ مَالَ الْيَتِيمِ إِلاَّ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ حَتَّى يَبْلُغَ أَشُدَّهُ وَأَوْفُواْ بِالْعَهْدِ إِنَّ الْعَهْدَ كَانَ مَسْؤُولًا (34)

نزیك مالی هەتیو مەکەون مەگەر بەجوانترین شێوە نەبێت (وەك ئەوەی بیخەنە بازرگانیەکەوە تا گەشە بکات)هەتا دەگاتە هەرەتی لاوی، وە وەفا بکەن بە بەڵێن و پەیمان، چونکە بەرپرسیارن لە بەرانبەر بەڵێن و پەیمانەوە.

وَأَوْفُوا الْكَيْلَ إِذا كِلْتُمْ وَزِنُواْ بِالقِسْطَاسِ الْمُسْتَقِيمِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا (35)

هەرکاتێك کێشان و پێوانتان ئەنجام دا بەڕێکوپێکی و تێروتەواوی ئەنجامی بدەن، بەو شێوەیە چاکتر کار ئەنجام دەدرێ، (لە دنیادا ئاسوودە دەبن و پاداشتی قیامەتیش بەدەست دەهێنن).

وَلاَ تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْؤُولًا (36)

(ئەی ئینسان) لە شتێك مەدوێ و باسی شتێك مەكە كە زانست و زانیاریت دەربارەی نیە، چونكە بەڕاستی دەسگاكانی بیستن و بینین و تێگەیشتن هەرهەمووی، بەرپرسیارە لە بەرانبەریەوە.

وَلاَ تَمْشِ فِي الأَرْضِ مَرَحًا إِنَّكَ لَن تَخْرِقَ الأَرْضَ وَلَن تَبْلُغَ الْجِبَالَ طُولاً (37)

هەروەها بەسەر زەویدا بە كەشو فش و لە خۆباییبوونەوە مەڕۆ، چونكە تۆ هەرگیز ناتوانی زەوی كوناودەر بكەیت، ناشتوانیت وەكو چیاكان بەرزو بڵند بیت (ئیتر ئەم خۆ فشكردنەوەیەت لەچیە؟).

كُلُّ ذَلِكَ كَانَ سَيٍّئُهُ عِنْدَ رَبِّكَ مَكْرُوهًا (38)

هەموو ئەو شتانەی كە لە (ئایەتەكانی پێشوودا قەدەغەمان كرد) لە تاوان و هەڵەكان لای پەروەردگارت ناپەسەندو نابەجێیە.

ذَلِكَ مِمَّا أَوْحَى إِلَيْكَ رَبُّكَ مِنَ الْحِكْمَةِ وَلاَ تَجْعَلْ مَعَ اللّهِ إِلَهًا آخَرَ فَتُلْقَى فِي جَهَنَّمَ مَلُومًا مَّدْحُورًا (39)

ئەم ڕینموینیانەی كە پەروەردگارت بەوەحی بۆی ڕەوانەكردووی پڕە لە حیكمەت و دانایی، هەرگیز نەكەی خوایەكی تر بەهاوتای خوای باڵادەست بزانی، (چونكە ئەگەر وا بیت) فڕێ دەرێیتە ناو ئاگری دۆزەخەوە بە سەرزەنشتكراوی و ڕیسوایی.

أَفَأَصْفَاكُمْ رَبُّكُم بِالْبَنِينَ وَاتَّخَذَ مِنَ الْمَلآئِكَةِ إِنَاثًا إِنَّكُمْ لَتَقُولُونَ قَوْلاً عَظِيمًا (40)

ئایا ڕەوایە خوا ئێوەی هەڵبژاردبێ تا كوڕتان پێ ببەخشێ، وە خۆی فریشتەكانی هەڵبژاردبێ تا بیكا بە كچی خۆی؟ (ئەم بیروباوەڕە پووچ و بێ سەربنانە كەی ڕەوایە، مەگەر كوڕو كچ هەر خوا نایان بەخشێت؟)، بەڕاستی ئێوە قسەیەكی ناڕەوا دەكەن بەڕاستی گوفتارێكی ناقۆڵاو نابەجێ دەكەن.

وَلَقَدْ صَرَّفْنَا فِي هَذَا الْقُرْآنِ لِيَذَّكَّرُواْ وَمَا يَزِيدُهُمْ إِلاَّ نُفُورًا (41)

ئێمە لەم قورئانەدا (بەجۆرەها شێوە یەكتایی خۆمانمان باسكردووەو لە بیروباوەڕە پووچەكان دواوین) تا بیربكەنەوەو یاداوەری وەرگرن، كەچی (خوانەناسان) هەر دوورەپەرێز دەوەستن و خۆیان دوور دەگرن.

قُل لَّوْ كَانَ مَعَهُ آلِهَةٌ كَمَا يَقُولُونَ إِذًا لاَّبْتَغَوْاْ إِلَى ذِي الْعَرْشِ سَبِيلاً (42)

(ئەی پێغەمبەر بەو موشریکانە) بڵێ: ئەگەر خوای تریش هەبوایە لەگەڵ خوای پەروەردگارا هەروەکو ئەوانە دەڵێن.. هەموان هەوڵیان دەدا بۆ ئەوەی دەسەڵات لە خاوەنی عەرش و تەختی فەرمانڕەوایەتی بسەنن و لێی زەوت بکەن.

سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى عَمَّا يَقُولُونَ عُلُوًّا كَبِيرًا (43)

ستایش و پاکیی و بڵندیی بۆ ئەو پەروەردگارەیە (کە ئەو نەفامانە دەربارەی ئەو هەموو ناڕەواییە دەڵێن)، وە ئەو زاتە زۆر بەرزو بڵندو گەورەترە (لە بۆچوونی ئەوان).

تُسَبِّحُ لَهُ السَّمَاوَاتُ السَّبْعُ وَالأَرْضُ وَمَن فِيهِنَّ وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلاَّ يُسَبِّحُ بِحَمْدَهِ وَلَكِن لاَّ تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ إِنَّهُ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا (44)

هەر حەوت ئاسمانەکان و زەوی و هەموو ئەوانەی کە تیایاندا هەن تەسبیحات و ستایشی ئەو زاتە دەکەن، هەرچیش هەیە تەسبیحات و ستایش و سوپاسی ئەو دەکات، بەڵام ئێوە لە تەسبیحات و ستایشی ئەو شتانە تێناگەن، بەڕاستی ئەو زاتە هەمیشەو بەردەوام خۆگرو بە حەوسەڵەیە (لەبەرانبەر لادانی خەڵکییەوە) وە لێخۆشبووەو چاپۆشی دەکات (ئەگەر ڕووی تێ بکەن و باوەڕی پێ بێنن).

وَإِذَا قَرَأْتَ الْقُرآنَ جَعَلْنَا بَيْنَكَ وَبَيْنَ الَّذِينَ لاَ يُؤْمِنُونَ بِالآخِرَةِ حِجَابًا مَّسْتُورًا (45)

هەرکاتێ قورئان دەخوێنی ئێمە بەربەستێکی (نادیارو شاراوە) دەخەینە نێوان تۆو ئەوانەی باوەڕیان بە ڕۆژی دوایی نیە.. (چونکە سوودی لێ وەرناگرن).

وَجَعَلْنَا عَلَى قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَن يَفْقَهُوهُ وَفِي آذَانِهِمْ وَقْرًا وَإِذَا ذَكَرْتَ رَبَّكَ فِي الْقُرْآنِ وَحْدَهُ وَلَّوْاْ عَلَى أَدْبَارِهِمْ نُفُورًا (46)

(چونکە مەبەستیان نیە تێبگەن) ئێمەش پەردە دەنێین بەسەر دڵیاندا تا هەر تێی نەگەن، وە گوێشیان سەنگین دەکەین، جا کاتێ کە لە قورئاندا تەنها ناوی پەروەردگارت دەبەیت (وە باسی بت و بەرنامەیان ناکەیت) پشت هەڵدەکەن و ڕوو وەردەگێڕن و بێزاریی دەردەبڕن و دەڕۆن.

نَّحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَسْتَمِعُونَ بِهِ إِذْ يَسْتَمِعُونَ إِلَيْكَ وَإِذْ هُمْ نَجْوَى إِذْ يَقُولُ الظَّالِمُونَ إِن تَتَّبِعُونَ إِلاَّ رَجُلًا مَّسْحُورًا (47)

ئێمە لە هەموو کەس چاکتر دەزانین کە (خوانەناسان) بۆ گوێ دەگرن، ئەوانە کاتێ کە گوێت لێ دەگرن و چپەچپ و سرتە سرت دەکەن (سەرئەنجام)

ستەمكاران دەڵێن: (ئێوە خەریکی چین) ئێوە شوێن پیاوێکی جادوولێکراو کەوتوون!!

انظُرْ كَيْفَ ضَرَبُواْ لَكَ الأَمْثَالَ فَضَلُّواْ فَلاَ يَسْتَطِيعْونَ سَبِيلًا (48)

سەرنج بدە چۆن تۆ دەكەن بە نموونە (دەمێ: دەڵێن جادووگەر، دەمێك دەڵێن شاعیر...هتد) سەرئەنجام خۆیان گومڕا دەكەن و ناتوانن ڕێگەو ڕێبازێکی چاك و دروست بگرنەبەر.

وَقَالُواْ أَئِذَا كُنَّا عِظَامًا وَرُفَاتًا أَإِنَّا لَمَبْعُوثُونَ خَلْقًا جَدِيدًا (49)

(بەسەرسامیەوە) دەڵێن: باشە ئەگەر بووینە ئێسکی ڕزیوو داتەپیوو ئایا سەرلەنوێ زیندوو دەکرێینەوە؟!

قُل كُونُواْ حِجَارَةً أَوْ حَدِيدًا (50)

پێیان بڵێ: حەز دەکەن خۆتان بکەن بە بەرد یان ئاسن.

أَوْ خَلْقًا مِّمَّا يَكْبُرُ فِي صُدُورِكُمْ فَسَيَقُولُونَ مَن يُعِيدُنَا قُلِ الَّذِي فَطَرَكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ فَسَيُنْغِضُونَ إِلَيْكَ رُؤُوسَهُمْ وَيَقُولُونَ مَتَى هُوَ قُلْ عَسَى أَن يَكُونَ قَرِيبًا (51)

یا هەر شتێك و دروستکراوێك کە زۆر سەخت و گرنگ و گەورەیە لە بیروهۆشتاندا، ئەوسا ئەوانە (بەسەرسامیەوە) دەڵێن: دەی باشە، کێ زیندوومان دەکاتەوە، بڵێ ئەو زاتەی کە یەکەمجار بەدیهێناون (زۆر لای ئاسانە زیندووتان بکاتەوە)، ئەوسا سەریان شۆڕدەکەنەوە بۆلات و سەر بادەدەن و دەڵێن: کەی دەبێ؟ کەی زیندوودەکرێینەوە؟ کەی قیامەت بەرپا دەبێ؟ پێیان بڵێ: (دوور نیە و لەوانەیە بەم نزیکانە پێش بێت.

يَوْمَ يَدْعُوكُمْ فَتَسْتَجِيبُونَ بِحَمْدِهِ وَتَظُنُّونَ إِن لَّبِثْتُمْ إِلاَّ قَلِيلًا (52)

ڕۆژێک دێت (پەروەردگارتان) بانگتان لێ دەکات، بەدەم سوپاس و ستایشەوە (زیندوو دەبنەوەو ملکەچ و فەرمانبەردارن) وە وا گومان دەبەن کە ماوەیەکی کەم نەبێت لە دنیادا نەژیاون (یاخود دوای مردنتان ماوەیەکی زۆرکەم لە گۆڕدا بوون).

وَقُل لِّعِبَادِي يَقُولُواْ الَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ الشَّيْطَانَ يَنزَغُ بَيْنَهُمْ إِنَّ الشَّيْطَانَ كَانَ لِلإِنْسَانِ عَدُوًّا مُّبِينًا (53)

(ئەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم) بە بەندەکانم بڵێ چاکترین گوفتار بڵێن و جوانترین گوفتار (بنووسن) چونکە شەیتان بەڕاستی دەیەوێ نێوانتان تێك بدات (هەمیشە هانیان دەدات بۆ وتنی گوفتاری هەڵەو خراپ)، بەڕاستی شەیتان دوژمنی ئاشکرای ئینسانەو (دەبێ وریابێت ئەو دوژمنە تووشی هەڵەی نەکات).

رَّبُّكُمْ أَعْلَمُ بِكُمْ إِن يَشَأْ يَرْحَمْكُمْ أَوْ إِن يَشَأْ يُعَذِّبْكُمْ وَمَا أَرْسَلْنَاكَ عَلَيْهِمْ وَكِيلًا (54)

پەروەردگارتان چاکتان دەناسێ ئەگەر بیەوێ ڕەحمتان پێ دەکات (کاتێ ڕێبازی چاکە دەگرنەبەر)، وە ئەگەر بیەوێت سزاتان دەدات (کاتێك ڕێبازی خراپە دەگرنەبەر)، وە ئێمە تۆمان بۆ ئەوە ڕەوانە نەکردووە کە چاودێرو پارێزەری ئەوان بیت (تا ئەوان بە ناچاریی باوەڕ بهێنن).

وَرَبُّكَ أَعْلَمُ بِمَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَلَقَدْ فَضَّلْنَا بَعْضَ النَّبِيِّينَ عَلَى بَعْضٍ وَآتَيْنَا دَاوُودَ زَبُورًا (55)

پەروەردگارت خۆی چاك دەزانێ کێ هەیە لە ئاسمانەکان و زەویدا (وە هەریەکەیان سەرگەرمی چین)، بێگومان ئێمە ڕێزی هەندێ لە پێغەمبەرانمان لەلا زیاترە لە هەندێکی تریان وە (کتێبی) زەبووریشمان بە داوود بەخشیوە.

قُلِ ادْعُواْ الَّذِينَ زَعَمْتُم مِّن دُونِهِ فَلاَ يَمْلِكُونَ كَشْفَ الضُّرِّ عَنكُمْ وَلاَ تَحْوِيلًا (56)

(ئەی پێغەمبەر بە موشریکان) بڵێ: ئادەی هاناو هاوار بکەن لەو بت و شتانەی کە لەجیاتی خوا دەیانپەرستن (ئایا هیچیان لەدەست دێ؟، دڵنیابن کە ئەوانە) نەدەتوانن بەڵاو ناخۆشیەکتان لەسەر لابەرن، نە دەتوانن بارودۆخ بگۆڕن).

أُولَئِكَ الَّذِينَ يَدْعُونَ يَبْتَغُونَ إِلَى رَبِّهِمُ الْوَسِيلَةَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ وَيَرْجُونَ رَحْمَتَهُ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُ إِنَّ عَذَابَ رَبِّكَ كَانَ مَحْذُورًا (57)

ئەو کەسانەی کە ئێوە هاناو هاواریان لێ دەکەن (جوولەکە هاوار لە عوزەیر پێغەمبەر دەکەن، گاور هاوار لە عیسا پێغەمبەر دەکەن، موشریکەکان هاوار لە فریشتەو دارو بەرد دەکەن، موشریکەکان هاوار لە فریشتەو دارو بەرد دەکەن، لەکاتێکدا ئەو ئادەمیزادو فریشتە بەڕێزانە پێشبڕکێ دەکەن بۆ بەدەستهێنانی) ئەو هۆکارانە پەروەردگاری تۆ دەبێت زۆر دوورەپەرێزیی لێ بکرێت و وریایی بۆ بکرێت.

وَإِن مَّن قَرْيَةٍ إِلاَّ نَحْنُ مُهْلِكُوهَا قَبْلَ يَوْمِ الْقِيَامَةِ أَوْ مُعَذِّبُوهَا عَذَابًا شَدِيدًا كَانَ ذَلِك فِي الْكِتَابِ مَسْطُورًا (58)

بەڕاستی هەر شارو شارۆچکەیەك کە ئێمە بڕیارمان دابێ پێش بەرپابوونی ڕۆژی قیامەت لەناوی بەرین، یا سزایەکی سەختی بدەین، لە کتێب و دۆسیەی (تایبەتیدا، لە لوح المحفوظ دا) تۆمارکراوە.

وَمَا مَنَعَنَا أَن نُّرْسِلَ بِالآيَاتِ إِلاَّ أَن كَذَّبَ بِهَا الأَوَّلُونَ وَآتَيْنَا ثَمُودَ النَّاقَةَ مُبْصِرَةً فَظَلَمُواْ بِهَا وَمَا نُرْسِلُ بِالآيَاتِ إِلاَّ تَخْوِيفًا (59)

هیچ شتێك نەبووە بەهۆی ئەوەی کە ئێمە (معجزة) بەرپا نەکەین و نیشانی نەدەین، ئەوەنەبێ کە (جۆرەها (معجزة)مان نیشانی پێشینەکاندا)، بەڵام ئەوان هەر بڕوایان پێ نەکردوو بەدرۆیان خستەوە، هەتا حوشترە (تایبەتیەکانمان) بە ئاشکراو ڕوون بە قەومی (ثمود) بەخشی، کەچی ستەمیان لێکردو (سەریان بڕی)، بەڕاستیی ئێمە کاتێك کە (معجزة)ی جۆراوجۆر پێش دەهێنین، بۆ ئەوەیە کە خەڵکی بترسن و داچڵەکێن.

وَإِذْ قُلْنَا لَكَ إِنَّ رَبَّكَ أَحَاطَ بِالنَّاسِ وَمَا جَعَلْنَا الرُّؤيَا الَّتِي أَرَيْنَاكَ إِلاَّ فِتْنَةً لِّلنَّاسِ وَالشَّجَرَةَ الْمَلْعُونَةَ فِي القُرْآنِ وَنُخَوِّفُهُمْ فَمَا يَزِيدُهُمْ إِلاَّ طُغْيَانًا كَبِيرًا (60)

(ئێمە هەر زوو) پێمان وتووی کەبەڕاستی پەروەردگاری تۆ (ئەی محمد، ئەی ئیماندار بەهۆی دەسەڵاتی بێ سنووریەوە) دەوری خەڵکی داوەو ئاگادارە بە هەموو شتێکیان، وە ئەو (شتانەی کە لە شەوی (میعراج) و بڵندبوونەوەدا) نیشانمان داویت کردمانە هۆی تاقیکردنەوەی خەڵکی، هەروەها باسی درەختە نەفرین لێکراوەکەش کە لە قورئاندا ناوبراوە (کافرەکان کردیانە گاڵتەجاڕو وتیان: چۆن درەخت لەناو ئاگردا دەڕوێ، عەقڵیان کول بوو لەئاستی توانایی بێ سنووری خواییدا)، بەمەرجێ (ئێمە دەمانەوێ) بیانترسێنین، دایانچڵەکێنین، کەچی ئەوانە هەر لە ستەم و لادان و یاخیبووندا زیاتر ڕۆدەچن.

وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلآئِكَةِ اسْجُدُواْ لآدَمَ فَسَجَدُواْ إَلاَّ إِبْلِيسَ قَالَ أَأَسْجُدُ لِمَنْ خَلَقْتَ طِينًا (61)

(بیریان بێنەرەوە) کاتێك بە فریشتەکانمان وت: ئادەی سوژدە بەرن بۆ ئادەم، هەموو سوژدەیان برد جگە لە (ئیبلیس)، کە وتی: ئایا سوژدە بەرم بۆ ئەو کەسەی کە لە گڵ و خاك دروستت کردووە؟!

قَالَ أَرَأَيْتَكَ هَذَا الَّذِي كَرَّمْتَ عَلَيَّ لَئِنْ أَخَّرْتَنِ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ لأَحْتَنِكَنَّ ذُرِّيَّتَهُ إَلاَّ قَلِيلًا (62)

(شەیتان بێ شەرمانە) وتی: ئا ئەمەیە کە لەمن ڕێزداترە؟! خۆ ئەگەر بمهێڵی تا ڕۆژی قیامەت شەرت بێ هەموو نەوەکانی گومڕاو سەرگەردان بکەم جگە لە کەمێکیان (کە دەسەڵاتم بەسەریاندا نیە).

قَالَ اذْهَبْ فَمَن تَبِعَكَ مِنْهُمْ فَإِنَّ جَهَنَّمَ جَزَآؤُكُمْ جَزَاء مَّوْفُورًا (63)

(خوای گەورە) فەرمووی: بڕۆ ئەوەی شوێنی تۆ بکەویت ئەوە دۆزەخ پاداشتی هەموانتانە، بێگومان پاداشتێکی مسۆگەرەو (جێگەی هەمووتانی تیا دەبێتەوە).

وَاسْتَفْزِزْ مَنِ اسْتَطَعْتَ مِنْهُمْ بِصَوْتِكَ وَأَجْلِبْ عَلَيْهِم بِخَيْلِكَ وَرَجِلِكَ وَشَارِكْهُمْ فِي الأَمْوَالِ وَالأَوْلادِ وَعِدْهُمْ وَمَا يَعِدُهُمُ الشَّيْطَانُ إِلاَّ غُرُورًا (64)

(خوای گەورە فەرمووی): بڕۆ (چیت لەدەست دێ درێغی مەکە) هەرکەس کە توانیت (لەو بەدبەختانە) بە بانگکردن و هاندانیان بۆ (تاوانکاریی پاڵیان پێوە بنێ)، بەهۆی لەشکری سوارەو پیادەی خۆتەوە هێرشیان بۆ بەرە، وە هاوبەشییان بکە لە ماڵ و سامان و منداڵ و نەوەیاندا، ئەوەندە بەڵێن و ئومێدیان بدەرێ و سەریان لێ بشێوێنە، بەڵام بەڵێن و هاندانی شەیتان جگە لە فریودان و فێڵکردن و ساختە شتێکی تر نیە.

إِنَّ عِبَادِي لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَانٌ وَكَفَى بِرَبِّكَ وَكِيلًا (65)

بەڕاستی بەندەکانی من (ئەی شەیتانی نەفرین لێکراو) هیچ دەسەڵاتی تۆیان لەسەرە نابێت و هەوڵ و کۆششی تۆ کاریان تێناکات، وە پەروەردگاری تۆ (ئەی ئیماندار) بەسە بۆ پارێزگاریی و پاراستنت.

رَّبُّكُمُ الَّذِي يُزْجِي لَكُمُ الْفُلْكَ فِي الْبَحْرِ لِتَبْتَغُواْ مِن فَضْلِهِ إِنَّهُ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا (66)

پەروەردگاری ئێوە ئەو زاتەیە کە کەشتی بەدەریادا هاتوچۆ پێدەکات تا لە فەزڵ و بەخششی (بێ شوماری) بەهرەوەر ببن، بەڕاستی ئەو زاتە هەمیشەو بەردەوام بەڕەحم و میهرەبانە بۆتان.

وَإِذَا مَسَّكُمُ الْضُّرُّ فِي الْبَحْرِ ضَلَّ مَن تَدْعُونَ إِلاَّ إِيَّاهُ فَلَمَّا نَجَّاكُمْ إِلَى الْبَرِّ أَعْرَضْتُمْ وَكَانَ الإِنْسَانُ كَفُورًا (67)

کاتێ کە لەدەریادا تووشی ناخۆشی و تەنگانە دەبن، هەرچی پەرستراو هەیە لە بیروهۆش و باوەڕتانا نامێنێ جگە لەو زاتە (هاناو هاوار هەر بۆ زاتی خوا دەبەن تا ڕزگارتان بکات) بەڵام کاتێك (کە فریاتان دەکەوێت) و ڕزگارتان دەکات و دەتانخاتە وشکانیەوە، ئێوە پشت لە بەرنامەکەی دەکەن و ڕوو وەردەگێڕن و نایناسن، (بەڵکو زۆربەی ئینسانەکان) ناشکورو سوپاس ناپەزێرن.

أَفَأَمِنتُمْ أَن يَخْسِفَ بِكُمْ جَانِبَ الْبَرِّ أَوْ يُرْسِلَ عَلَيْكُمْ حَاصِبًا ثُمَّ لاَ تَجِدُواْ لَكُمْ وَكِيلًا (68)

ئایا ئێوە لەخۆتان ئەمینن (لەکاتی سەرکەشیتاندا) خوا نەتانبات بەناخی زەویداو لایەکی وشکانی داڕوخێنێ بەسەرتاندا، یاخود بەرد بەسەرتاندا نابارێنێ و سەنگبارانتان ناکات؟! لەوەودوا هیچکەس ناتوانێت فریاتان بکەوێت و پەناتان بدات!!؟

أَمْ أَمِنتُمْ أَن يُعِيدَكُمْ فِيهِ تَارَةً أُخْرَى فَيُرْسِلَ عَلَيْكُمْ قَاصِفا مِّنَ الرِّيحِ فَيُغْرِقَكُم بِمَا كَفَرْتُمْ ثُمَّ لاَ تَجِدُوا لَكُمْ عَلَيْنَا بِهِ تَبِيعًا (69)

ئایا (ناترسن) و لەوە دڵنیان کە جارێکی تر (لە کەشتیدا ڕێتان بکەوێتە ناو دەریاوە) ئەوسا بایەکی بەهێزی سەخت هەڵکاتە سەرتان، بەهۆی کافربوون و یاخیبوونتانەوە نوقمی دەریاتان بکات؟! لەوەودوا کەسیش نەبێ بتوانێ گلەییمان لێبکات یا حەقتتان بۆ بکاتەوە!!

وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُم مِّنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا (70)

بەڕاستی ئێمە ڕێزمان لەنەوەی ئادەم گرتووەو بەسەر وشکانی و دەریادا (بە جۆرەها هۆکاری گواستنەوە) هەڵمان گرتوون، وە لە ڕزق و ڕۆزی چاك و جۆراوجۆر بەهرەوەرمان کردوون (لە خۆراك و پۆشاك و ماڵ و ناوماڵ و...هتد) بەڕاستی ئێمە ڕێزی زۆری ئەوانمان داوە بەسەر زۆربەی ئەو بەدیهێنراوانەدا کە دروستمان کردوون (لەهەموو ڕوویەکەوە).

يَوْمَ نَدْعُو كُلَّ أُنَاسٍ بِإِمَامِهِمْ فَمَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ بِيَمِينِهِ فَأُوْلَئِكَ يَقْرَؤُونَ كِتَابَهُمْ وَلاَ يُظْلَمُونَ فَتِيلًا (71)

ڕۆژێك دێت هەموو كۆمەڵە خەڵكێك بەناوی پێشەواكەیانەوە بانگ دەكەین، جا ئەوەی نامەو دۆسیەی كردەوەكانی بدرێتە دەستی ڕاستی، ئەوانە (بەخۆشیەوە) سەیری نامەی كردەوەكانی خۆیان دەكەن و دەیخوێننەوە، وە بەقەدەر تاڵە باریكەكەی ناوكی خورما ستەمیان لێ ناكرێت (كە شتێكی بێ نرخە).

وَمَن كَانَ فِي هَذِهِ أَعْمَى فَهُوَ فِي الآخِرَةِ أَعْمَى وَأَضَلُّ سَبِيلًا (72)

جا ئەویە لەم دنیایەدا (دڵ و دەروون و بیرو هۆشی) كوێر بێ، لە قیامەتدا (چاویشی) كوێرە، وە زۆر سەرگەردانترو سەرلێشێواوترە.

وَإِن كَادُواْ لَيَفْتِنُونَكَ عَنِ الَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ لِتفْتَرِيَ عَلَيْنَا غَيْرَهُ وَإِذًا لاَّتَّخَذُوكَ خَلِيلًا (73)

(موشریك و خوانەناسان) خەریك بوو تۆ (ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم) بەهەڵەدا ببەن و شتێكت بۆ هەڵبەستن كە نەگونجێ لەگەڵ ئەوەدا كە ئێمە بەوەحی بۆمان ڕەوانە كردوویت، تا شێوازی كارو (بانگەوازت) بگۆڕیت، ئەوان تۆ دەكەنە هاوەڵ و خۆشەویستی خۆیان.

وَلَوْلاَ أَن ثَبَّتْنَاكَ لَقَدْ كِدتَّ تَرْكَنُ إِلَيْهِمْ شَيْئًا قَلِيلًا (74)

خۆ ئەگەر ئێمە تۆمان پایەدارو دامەزراو نەكردایە، دوور نەبوو (بە مەزەندەی خۆت، بۆ بەرژەوەندیی بانگەوازەكەت) كەمێك ڕوو بەوان نەبی و بەدڵی ئەوان نەكەیت!!

إِذًا لَّأَذَقْنَاكَ ضِعْفَ الْحَيَاةِ وَضِعْفَ الْمَمَاتِ ثُمَّ لاَ تَجِدُ لَكَ عَلَيْنَا نَصِيرًا (75)

ئەو كاتە ئیتر دووبەرانبەری (موشركەكان) لەدنیادا، وە بدوو بەرانبەری ئەوان لەدوای مردن سزاو ئازارمان پێ دەچەشتیت، كەسیش نەبوو فریای تۆ بكەوێت و لەدەستی ئێمە ڕزگارت بكات.

وَإِن كَادُواْ لَيَسْتَفِزُّونَكَ مِنَ الأَرْضِ لِيُخْرِجوكَ مِنْهَا وَإِذًا لاَّ يَلْبَثُونَ خِلافَكَ إِلاَّ قَلِيلًا (76)

ئەو (موشریكانە) خەریك بوو زۆرت بۆ بێنن و ئازارو ناخۆشیت بۆ پێش بێنن تا لەسەر زەوی (مەككە) دەرت پەڕێنن و دەربەدەرت بكەن، ئەوكاتە ئیتر دوای تۆ زۆر كەم دەمانەوەو (زوو بەزوو بە بەڵایەكی سەخت لەناومان دەبردن).

سُنَّةَ مَن قَدْ أَرْسَلْنَا قَبْلَكَ مِن رُّسُلِنَا وَلاَ تَجِدُ لِسُنَّتِنَا تَحْوِيلًا (77)

(لەناوبردن) بڕیارو یاسای ئێمە بووە (بۆ قەومە خوانەناسەکان) کاتێ کە پێغەمبەرانیان دەرکردبێ، بێگومان هەرگیز نابینی سوننەت و بەرنامەی ئێمە گۆڕانی بەسەردا بێت.

أَقِمِ الصَّلاَةَ لِدُلُوكِ الشَّمْسِ إِلَى غَسَقِ اللَّيْلِ وَقُرْآنَ الْفَجْرِ إِنَّ قُرْآنَ الْفَجْرِ كَانَ مَشْهُودًا (78)

نوێژ ئەنجام بدە کاتێ کە خۆر نیوەی ئاسمان بەجێ دێڵێت (ئاماژەیە بۆ نوێژی نیوەڕۆ) وە لە تاریکیی شەویشدا نوێژی (مەغریب و عیشا) ئەنجام بدە، وە لە نوێژی بەیانیانیشدا زۆر قورئان بخوێنە، بەڕاستی قورئان خوێندنی نوێژی بەیانی دەبینرێ (لەلایەن فریشتەکانەوە).

وَمِنَ اللَّيْلِ فَتَهَجَّدْ بِهِ نَافِلَةً لَّكَ عَسَى أَن يَبْعَثَكَ رَبُّكَ مَقَامًا مَّحْمُودًا (79)

لەشەوگاریشدا خۆت ماندوو بکە بە شەونوێژەوە (نوێژی تهجد) ئەنجام بدە، بەڵکو پەروەردگارت بتخاتە شوێن و جێگەی بەڕێزەوە کە تیایدا سوپاسکراو بێت.

وَقُل رَّبِّ أَدْخِلْنِي مُدْخَلَ صِدْقٍ وَأَخْرِجْنِي مُخْرَجَ صِدْقٍ وَاجْعَل لِّي مِن لَّدُنكَ سُلْطَانًا نَّصِيرًا (80)

وە بڵێ: پەروەردگارا یارمەتیم بدە تا هەرکاتێك دەستبەکاری (هەر خێرێك بووم) بەچاکی و ڕاستی و دروستی ئەنجامی بدەم، وە لە هەرکارێك بوومەوەو ئەنجامم دا دەرچم، وە هەمیشەو بەردەوام لەلایەن خۆتەوە دەسەڵاتێکم پێ ببەخشە کە ببێتە هۆی سەرکەوتنی بەردەوامم.

وَقُلْ جَاء الْحَقُّ وَزَهَقَ الْبَاطِلُ إِنَّ الْبَاطِلَ كَانَ زَهُوقًا (81)

هەروەها بڵێ: تازە ئیتر حەق و ڕاستی هاتووە و بەرپا بووە، وە بەتاڵ و ناحەقی، پووچ و تەفرو توونا بووە، چونکە بەڕاستی ناحەق و بەتاڵ هەر تیاچووەو هەر بەسەر چووەو بەزیوە.

وَنُنَزِّلُ مِنَ الْقُرْآنِ مَا هُوَ شِفَاء وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ وَلاَ يَزِيدُ الظَّالِمِينَ إَلاَّ خَسَارًا (82)

ئێمه له قورئان ئایەت و سوورەتانێك دادەبەزێنین، كه ببێته هۆی شیفاو چارەسەر بۆ نەخۆشیه دەروونی و جەستییەكان هەروەها ڕەحمەت و میهرەبانیش، بۆ ئیمانداران، بەڵام بۆ ستەمكارو خوانەناسان جگه لەوەی كه دەبێته زەرەرو زیان بۆیان (هیچ بەهرەو سوودێكی لێ نایەن).

وَإِذَآ أَنْعَمْنَا عَلَى الإِنسَانِ أَعْرَضَ وَنَأَى بِجَانِبِهِ وَإِذَا مَسَّهُ الشَّرُّ كَانَ يَؤُوسًا (83)

هەركاتێ نازو نیعمەت دەبەخشین بە ئینسانی (بێ دین) ڕوو وەردەگێڕێ و فیز دەكات و هەر خەمخۆری خۆیەتی، كاتێكیش تووشی ناخۆشیی و تەنگانە هات، نائومێدو پەست و غەمگینه.

قُلْ كُلٌّ يَعْمَلُ عَلَى شَاكِلَتِهِ فَرَبُّكُمْ أَعْلَمُ بِمَنْ هُوَ أَهْدَى سَبِيلًا (84)

بڵێ: با هەركەس چۆن بۆی دەلوێ و چۆن بۆی دەكرێ ئەو كاره ئەنجام بدات، دڵنیاش كه پەروەردگارتان چاك دەزانێ كێ ڕێگەو ڕێبازو بەرنامەی ڕاست و دروستی گرتۆته بەر.

وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الرُّوحِ قُلِ الرُّوحُ مِنْ أَمْرِ رَبِّي وَمَا أُوتِيتُم مِّن الْعِلْمِ إِلاَّ قَلِيلًا (85)

پرسیارت لێ دەكەن دەربارەی ڕۆح (كه چیەو چۆنه؟) بڵێ: ڕۆح فەرمانی پەروەردگارمەو بەدەست ئەوه (من نازانم چیەو چۆنه) وه ئێوه له عیلم و زانست (چەنده بەهرەمەندبن) هەر كەمتان پێ بەخشراوه.

وَلَئِن شِئْنَا لَنَذْهَبَنَّ بِالَّذِي أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ ثُمَّ لاَ تَجِدُ لَكَ بِهِ عَلَيْنَا وَكِيلًا (86)

ئەگەر بمانەوێ هەموو ئەو قورئانەی كه بە وەحی بۆمان ڕەوانه كردووی، (له دڵ و دەروون و لاپەڕەكاندا) نایهێڵین، ئەوجا كەسێكت دەست ناكەوێت كه بەرگریت لێ بكات و هەوڵێكت بۆ بدات تا لەو بەهرەیه بێ بەهره نەبیت.

إِلاَّ رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَ إِنَّ فَضْلَهُ كَانَ عَلَيْكَ كَبِيرًا (87)

(بەڵام ئێمه ئەو كاره ناكەین) چونكه ڕەحمەتی پەروەردگارت (بێ سنووره) وه فەزڵ و بەخشندەیی ئەو (بۆ تۆ، وه بۆ هەموو ئیماندارێك) زۆر گەورەو فراوانه.

قُل لَّئِنِ اجْتَمَعَتِ الإِنسُ وَالْجِنُّ عَلَى أَن يَأْتُواْ بِمِثْلِ هَذَا الْقُرْآنِ لاَ يَأْتُونَ بِمِثْلِهِ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا (88)

(پێیان) بڵێ: ئەگەر هەموو ئادەمیزادو پەریەکان کۆببنەوەو (هەوڵی بەردەوام بدەن تا) قورئانێکی وەکوو ئەمە دانێن و بیهێننە (مەیدان) هەرگیز ناتوانن کارێکی وا بکەن، وە ناتوانن ببنە پشتگیرو یارمەتیدەری یەکتر.

وَلَقَدْ صَرَّفْنَا لِلنَّاسِ فِي هَذَا الْقُرْآنِ مِن كُلِّ مَثَلٍ فَأَبَى أَكْثَرُ النَّاسِ إِلاَّ كُفُورًا (89)

بێگومان ئێمە لەم قورئانەدا لە هەموو جۆرە نموونەیەکمان بۆ خەڵکی هێناوەتەوە (تا تێفکرن و بیربکەنەوە) کەچی زۆربەی خەڵکی (سەرسەختانە) هەر ڕێبازی کوفرو خوانەناسی و ناشکوری دەگرنە بەر.

وَقَالُواْ لَن نُّؤْمِنَ لَكَ حَتَّى تَفْجُرَ لَنَا مِنَ الأَرْضِ يَنبُوعًا (90)

(هەندێکیان بیانوویان گرت و) وتیان: هەرگیز ئێمە باوەڕ بە تۆ ناکەین تا کانی و سەرچاوەیەکمان لە زەویەوە بۆ هەڵنەقوڵێنیت.

أَوْ تَكُونَ لَكَ جَنَّةٌ مِّن نَّخِيلٍ وَعِنَبٍ فَتُفَجِّرَ الأَنْهَارَ خِلالَهَا تَفْجِيرًا (91)

یاخود دەبێ خاوەنی باخێك بی (کە پڕ بێت) لە دارخورما و رەز، وە جۆگەلەو ڕووبار لەناویا هەڵقوڵێ و بەخوڕی و ڕەوان بڕوات.

أَوْ تُسْقِطَ السَّمَاء كَمَا زَعَمْتَ عَلَيْنَا كِسَفًا أَوْ تَأْتِيَ بِاللّهِ وَالْمَلآئِكَةِ قَبِيلاً (92)

یاخود ئاسمان پارچە پارچە بەسەرماندا، هەروەکو خۆت پڕوپاگەندە دەکەی دابارێنە، یاخود خوای گەورەو فریشتەکانی بێنەو ڕووبەڕوومانی بکە.

أَوْ يَكُونَ لَكَ بَيْتٌ مِّن زُخْرُفٍ أَوْ تَرْقَى فِي السَّمَاء وَلَن نُّؤْمِنَ لِرُقِيِّكَ حَتَّى تُنَزِّلَ عَلَيْنَا كِتَابًا نَّقْرَؤُهُ قُلْ سُبْحَانَ رَبِّي هَلْ كُنتُ إَلاَّ بَشَرًا رَّسُولاً (93)

یا کۆشك و تەلارو ماڵێکت هەبێ کە بە (ئاڵتون و زیوو شتی جوان) نەخشێنرابێت و زەخرەفە کرابێت، یا (ببینین) کە بەرەو ئاسمان بڵندو بەرزدەبێتەوە، ئێمە هەرگیز بەوانەش باوەڕ ناکەین هەتا کتێبێك لەگەڵ خۆتا نەهێنی و بۆمان دانەبەزێ و بتوانین بیخوێنینەوە، پێیان بڵێ: ستایش و پاکی و بێگەردیی بۆ پەروەردگارم.. باشە (کەی ئەوانە لەدەست مندایە) من تەنها پێغەمبەرێکم لە گرۆی ئادەمیزاد (ئێوەش ئەوە نین ئەو بیانوانەتان جێبەجێ بکرێت).

وَمَا مَنَعَ النَّاسَ أَن يُؤْمِنُواْ إِذْ جَاءهُمُ الْهُدَى إِلاَّ أَن قَالُواْ أَبَعَثَ اللّهُ بَشَرًا رَّسُولاً (94)

تەنها شتێ کە بووەتە هۆی کۆسپ لە ڕێگەی ئەوەدا کە خەڵکی باوەڕ بێنین کاتێ کە هیدایەتیان بۆ هات ئەوەیە کە (بەسەرسامیەوە) دەڵێن: ئایا (چۆن ئەبێ) خوا فرستادەیەك بنێرێ و ئادەمیزادیش بێت؟! (لەباتی ئەوەی زوو بەدەم بانگەوازی خواوە بچن، وە ئەوە بەڕێز بۆ خۆیان بزانن، کە نوێنەریان لێ هەڵدەبژێرێ، وە ئیمانی پێ بێنن، زۆربەی خەڵکی لە سەردەمەکانی پێشودا عەقڵیان کول بووە لەئاستی ئەو ڕێزە تایبەتیەدا).

قُل لَّوْ كَانَ فِي الأَرْضِ مَلآئِكَةٌ يَمْشُونَ مُطْمَئِنِّينَ لَنَزَّلْنَا عَلَيْهِم مِّنَ السَّمَاءِ مَلَكًا رَّسُولاً (95)

(پێیان بڵێ): ئەگەر لەسەر زەویدا فریشتە هەبوایەو بەدڵنیاییەوە هاتوچۆیان بکردایەو ژیانیان ببردایەتە سەر، ئێمە هەر لە ئاسمانەوە فریشتەیەکمان بۆ ڕەوانە دەکردن کە پێغەمبەرو فرستادەیەك بێت بۆیان (چونکە فرستادە دەبێت لەجۆری خۆیان بێت).

قُلْ كَفَى بِاللّهِ شَهِيدًا بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ إِنَّهُ كَانَ بِعِبَادِهِ خَبِيرًا بَصِيرًا (96)

بڵێ: هەر خوا بەسە کە شایەت بێت لە نێوان من و ئێوەدا کە چۆن بە ڕێکوپێکی پەیامی پەروەردگارم پێ ڕاگەیاندوون، بەڕاستی ئەو زاتە بە نیسبەت بەندەکانیەوە زۆر ئاگادارو بینایە.

وَمَن يَهْدِ اللّهُ فَهُوَ الْمُهْتَدِ وَمَن يُضْلِلْ فَلَن تَجِدَ لَهُمْ أَوْلِيَاء مِن دُونِهِ وَنَحْشُرُهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَلَى وُجُوهِهِمْ عُمْيًا وَبُكْمًا وَصُمًّا مَّأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ كُلَّمَا خَبَتْ زِدْنَاهُمْ سَعِيرًا (97) ئەوەی خوا ڕێنموویی بکاو (شایستە بێ) ئەوە ئیتر هیدایەتدراوە، ئەوەش کە سەرگەردان بێ، هیچ کەسێ جگە لەو زاتە دەست ناکەوێ کە پشتیوانی بکاو ڕزگاری بکاو فریای بکەوێ، لە ڕۆژی قیامەتیشدا (ئەو جۆرە کەسانە) کۆدەکەینەوەو ڕوخساریان کوێری و لاڵی و کەڕێ پێوە دیارە، ئەوانە شوێنەواریان ناو ئاگری دۆزەخە، هەرکاتێ بڵێسەی کەمبۆوە بڵێسەی زیاد دەکەین.

ذَلِكَ جَزَآؤُهُم بِأَنَّهُمْ كَفَرُواْ بِآيَاتِنَا وَقَالُواْ أَئِذَا كُنَّا عِظَامًا وَرُفَاتًا أَإِنَّا لَمَبْعُوثُونَ خَلْقًا جَدِيدًا (98)

ئەو دۆزەخە پاداشتێکە چونکە ئەوانە بڕوایان بە ئایەتە (بێ شومارەکانی) ئێمە نەبوو (لە بوونەوەرو لە قورئاندا)، وە دەیانوت: باشە، ئاخر ئەگەر ئێمە بووینە ئێسك و ڕزاین، ئایا ئێمە جارێکی تر سەرلەنوێ زیندوودەکرێینەوە؟!

أَوَلَمْ يَرَوْاْ أَنَّ اللّهَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ قَادِرٌ عَلَى أَن يَخْلُقَ مِثْلَهُمْ وَجَعَلَ لَهُمْ أَجَلًا لاَّ رَيْبَ فِيهِ فَأَبَى الظَّالِمُونَ إَلاَّ كُفُورًا (99)

ئایا ئەوانە نابینن ئەو خوایەی کە ئاسمانەکان و زەوی دروسکردووە بەتوانایە کە وەك ئەوان دروست بکات و (وەك خۆیان بەدییان بهێنێتەوە)، دیارە کە ڕۆژو کاتێکی تایبەتی دیاریکردووە (بۆ مراندنیان و زیندووکردنەوەیان) کە هیچ گومانی تیا نیە (لەگەڵ ئەو بەڵگە بەهێزانەدا) ستەمکاران هەر بڕیاری یاخیبوون و سەرکەشی و کوفرو حەقپۆشینیان داوە.

قُل لَّوْ أَنتُمْ تَمْلِكُونَ خَزَآئِنَ رَحْمَةِ رَبِّي إِذًا لَّأَمْسَكْتُمْ خَشْيَةَ الإِنفَاقِ وَكَانَ الإنسَانُ قَتُورًا (100)

پێیان بڵێ: ئەگەر ئێوە خاوەنی گەنجینەی بەخشین و ڕەحمەتی پەروەردگارم بوونایە، دەستان دەگرتەوەو نەتان دەبەخشی لەترسی تەواوبوونی، چونکە ئادەمیزاد (بەزۆری) دەست نوقاوو ڕەزیلە.

وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى تِسْعَ آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ فَاسْأَلْ بَنِي إِسْرَائِيلَ إِذْ جَاءهُمْ فَقَالَ لَهُ فِرْعَونُ إِنِّي لَأَظُنُّكَ يَا مُوسَى مَسْحُورًا (101)

بێگومان ئێمە نۆ (معجزة) و بەڵگەو نیشانەی ئاشکرامان بە موسا بەخشی، (جا ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم) لە نەوەی ئیسرائیلی (زەمانی خۆت) بپرسە کاتێ ئەو هەموو (معجزة)یەمان نیشان دان (چیتان وت؟) بێگومان فیرعەون پێی وت: ئەی موسا بەڕاستی من وادەزانم کە تۆ جادووت لێکراوە.

قَالَ لَقَدْ عَلِمْتَ مَا أَنزَلَ هَؤُلاء إِلاَّ رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ بَصَآئِرَ وَإِنِّي لَأَظُنُّكَ يَا فِرْعَونُ مَثْبُورًا (102)

موسا وتی: (ئەی فیرعەون) تۆ چاك دەزانی کە ئەو (معجزانە) کەس ئاوا پێشی ناهێنێ جگە لە پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی، تا بەرچاو ڕوونکەرەوە بێ و (خەڵکی بە ڕۆشنیی حەق و بینین و لەیەکی جیا بکەنەوە)، وە من دڵنیام ئەی فیرعەون کە تۆ تیا دەچیت و لەناودەبرێیت (ئەگەر هەر ئاوا بیربکەیتەوە).

فَأَرَادَ أَن يَسْتَفِزَّهُم مِّنَ الأَرْضِ فَأَغْرَقْنَاهُ وَمَن مَّعَهُ جَمِيعًا (103)

(پاشان فیرعەون) ویستی لەسەر زەوی میسر بە یەکجاریی و بە سوکایەتیکردنەوە دەربەدەریان بکات، ئێمەش نوقمی دەریامان کرد، خۆی و هەرچی ئەوانەی کە لەگەڵیدا بوون.

وَقُلْنَا مِن بَعْدِهِ لِبَنِي إِسْرَائِيلَ اسْكُنُواْ الأَرْضَ فَإِذَا جَاء وَعْدُ الآخِرَةِ جِئْنَا بِكُمْ لَفِيفًا (104)

لەدوای لەناوبردنی ئەو (ستەمکارە) فەرمانمان دا بە نەوەی ئیسرائیل کە لەسەر زەوی (فەلەستین) نیشتەجێ ببن، (کاتێ بەتەواوی ڕێبازی خوایان گرتەبەرو، ئیمانداری چاک و پاکی زۆریان تیا هەڵکەوت، هەندێ جار پێغەمبەرەکانیان فەرمانڕەوایەتیان دەرکردن، وەك لەسەردەمی حەزرەتی داودو سولەیمان دا بووە، بەڵام بەداخەوە جوولەکەی ئەم سەردەمە ڕێبازی دوژمنایەتی هەموو خەڵکیان گرتۆتە بەر، بەتایبەتی ئوممەتی ئیسلام، بەڵام بەداخەوە بە پشتیوانی خوای گەورە کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتیان نزیکە)، کاتێ کە بەڵێنی دوایی هات دەستە دەستەو پۆل پۆل (لەسەر زەوی فەلەستین) کۆتان دەکەینەوە.

وَبِالْحَقِّ أَنزَلْنَاهُ وَبِالْحَقِّ نَزَلَ وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلاَّ مُبَشِّرًا وَنَذِيرًا (105)

ئێمە قورئانمان لەسەر بنچینەی حەق و ڕاستی دابەزاندووە، وە بۆ چەسپاندنی حەق و ڕاستیش دابەزیوە، ئێمە تۆمان ڕەوانە نەکردووە بۆ ئەوە نەبێ کە مژدەبەخش بیت (بە ئیمانداران) وە ترسێنەر بیت (بۆ خوانەناسان).

وَقُرْآنًا فَرَقْنَاهُ لِتَقْرَأَهُ عَلَى النَّاسِ عَلَى مُكْثٍ وَنَزَّلْنَاهُ تَنزِيلًا (106)

ئێمە قورئانێکمان (بۆ ناردووی) بەش بەشمان کردووە تا بە شێنەیی و بەئارامیی بیخوێنیتەوە بەسەر خەڵکیدا، وە هەر ئێمە بەو شێوەیە دامان بەزاندووە (کە تۆ ڕای دەگەیەنی).

قُلْ آمِنُواْ بِهِ أَوْ لاَ تُؤْمِنُواْ إِنَّ الَّذِينَ أُوتُواْ الْعِلْمَ مِن قَبْلِهِ إِذَا يُتْلَى عَلَيْهِمْ يَخِرُّونَ لِلأَذْقَانِ سُجَّدًا (107)

پێیان بڵێ: (ئەی خوانەناسان) باوەڕ بە قورئان دەکەن یا باوەڕی پێ ناکەن (بەدەست خۆتانەو ئەمڕۆ سەربەستن، بەڵام بزانن کە): ئەوانەی پێشتر زانیارییان هەیە (دەربارەی تەورات و ئینجیلی دەستکاری نەکراو، چاک دەزانن

که ئەم قورئانە لە هەمان سەرچاوەوەیە، هەر بۆیە) کاتێ کە بەسەریاندا دەخوێندرێتەوە (خۆیان پێناگیرێ) سەری ڕێزو نەوازشی بۆ دادەنەوێنن و سوژدە (بۆ نێرەری قورئان دەبەن).

وَيَقُولُونَ سُبْحَانَ رَبِّنَا إِن كَانَ وَعْدُ رَبِّنَا لَمَفْعُولًا (108)

وە دەڵێن: تەسبیحات و ستایش و پاکی و بێگەردیی شایستەی پەروەردگارمانە، بەڕاستی بەڵێنی پەروەردگارمان هەر دێتە دی (بەسەرخستنی ئیمانداران لەدنیادا، وە سەرفەرازیان لە قیامەتدا).

وَيَخِرُّونَ لِلأَذْقَانِ يَبْكُونَ وَيَزِيدُهُمْ خُشُوعًا (109)

ئەوانە سوژدەو کڕنووش دەبەن و دەگرین و ئەسرینی خۆشەویستی پەروەردگار لەچاوانیان دەبارێت، فرمێسکی ئیمان و شادیی هەڵدەوەرێنن، وە تا دێت زیاتر ملکەچ و فەرمانبەردارو دڵ پڕ لە ئیمان دەبن.

قُلِ ادْعُواْ اللّهَ أَوِ ادْعُواْ الرَّحْمَنَ أَيًّا مَّا تَدْعُواْ فَلَهُ الأَسْمَاء الْحُسْنَى وَلاَ تَجْهَرْ بِصَلاَتِكَ وَلاَ تُخَافِتْ بِهَا وَابْتَغِ بَيْنَ ذَلِكَ سَبِيلًا (110)

پێیان بڵێ: ئێوە لە نزاو دۆعاتاندا هاوار لە (الله) بکەن، یان بەسیفەتی پیرۆزی (الرحمن) هانای بۆ بەرن، بەهەر ناوو سیفەتێکی جوان و بەرز هاواری لێ بکەن و نزا بکەن (دروستە) چونکە ئەو خاوەنی هەموو سیفات و ناوە پیرۆزو بەنرخەکانە، بەهەر سیفەتێك کە لەگەڵ داخوازیەکانتانا گونجاو، داوای لێ بکەن، لەکاتی داواکردنی ڕزق و ڕۆزیدا بە (یا رازق، یا وهاب) لەکاتی داوای سەرکەوتندا بە (یا قوي یا متین یا عزیز یا...هتد، ئەی ئیماندار) لەکاتی خوێندنی قورئان لە نوێژەکاندا دەنگ بەرز مەکەو زۆریش نزمی مەکە، لەو نێوانەدا حاڵەتێکی لەبار ئەنجام بدە.

وَقُلِ الْحَمْدُ لِلّهِ الَّذِي لَمْ يَتَّخِذْ وَلَدًا وَلَم يَكُن لَّهُ شَرِيكٌ فِي الْمُلْكِ وَلَمْ يَكُن لَّهُ وَلِيٌّ مِّنَ الذُّلَّ وَكَبِّرْهُ تَكْبِيرًا (111)

وە بڵێ: سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە کەسی نەکردووە بە کوڕی خۆی و کوڕیشی هەر نیە، هەروەها لە موڵك و مەملەکەتیدا کەس شەریك و هاوتای نەیە، وە هەرگیز بەهۆی بێ دەسەڵاتی و کەم توانینەوە کەسی نەکردووە بە یاوەرو یاریدەدەری خۆی، (لەبەرئەوە) هەمیشە (الله اکبر) بڵێ و ئەو زاتە بە گەورەو مەزن بزانە.